گاگەش ئەم دەفتەرەی تایپ کردۆتەوە

# هۆنراوە



# چاوە

www.gagesh.com

کەریم دانشیار

## بووکی کۆست کەوتوو

سروەی بەربەیان
کاتێک خەڵکی دێ
تاقە تاقەیێ
لە خەو هەڵئەسان
تەماشایان کرد دارێ ڕواوە
دارێ بەرز و وڕ
بێ خونچە و گەڵا
بێ هەژگ و هەڵا
بەناموبارەک
بەری هێناوە
لەشێک سارد و سڕ

******

لێی کۆبوونەوە
یەک یەک و دوو دوو
زیز و بێ دەماخ
سینگی لە ترسی دوژمن دامردوو
جماوجم لە ئاخ
چاوی نەخەوتوو
لێوان لە فرمێسک
فرمێسکی خاوێن
ـ کە ورشەی نێزەی سەربازی بەد ئێسک
ڕێی پێ نەئەدا
بڕژێتە داوێن ـ
دڵی خەمگرتوو
پڕ لە شەرت و سوێند

لەگەڵ ئاهەنگی سروەی بەربەیان
سروودیان ئەخوێند

******

لەپڕ تاپۆیەک
دەرکەوت لە ئاسۆی تەمگرتووی (دێ)وە
ماندوو و پێخاوس
لە دنیا وەڕەس
شپرزە و شەمزاو لە پەنای (ڕێ)وە
داوێنی سووری لەدوو کێش ئەکرد
یەخسیری بەندی خەم و پەژارە
بە عاستەم هاتە عاستی سێدارە
بەڵام لە وێدا ئەویش کەوت و مرد.
******

کێ بوو ئەو کیژە
بووکی کۆست کەوتوو
کە هەڵوەریبوو
بە سەر دارەوە خونچەی ئاواتی
ئەویش لە دەس چوو
تارای پەمەیی
- داخی داخانم -
کەوت بە میراتی.

1961

******

## لووتکەی ئامانج

شەو بوو
شەوێکی تاڵ و ڕەش
وەک دەروونی دێو و درنج
یا وەک چارەی نەنووسراوی کوردی بێ بەش
شەوێکی بێ ترووسکایی
کە تاریکی
لەم ئاسۆ تا ئەو ئاسۆ بوو
نە زەردەخەنەی ئەستێرە بەرچاو ئەکەوت
نە ڕیزە هەڵپەڕکێی «کۆ» بوو
نە بزەی مات و خەمگینی حەوتەوانان .

******

شەو بوو
وەها لە پەنجەی پڕ هێزی دا ئەیگووشیم
ساتێ سەد جار
ئاواتم ئەخواست بە گۆڕەوشار
........................
........................
زیخەڵانی بەربڵاوی ژینم ئەبڕی
هەر لە پەساش
بە دەستی توێخ پێوەنەماو
ئارەقی تەوێڵم ئەسڕی
چەن هەورازم کردە نشێو
چەن خۆم بە شاخ و داخا دا
بەڵکوو بگەمە لووتکەی کێو
چەن جار بە کۆڵێک زامەوە گەڕامەوە

چوومە شەرای مەرگ و دیسان گەڕامەوە

......................

تاکوو لەپڕ

پڕیشکی ئەسێرەی بەیان

پەردەی ڕەشی شەوی تا خوارێ دادڕی

تاوێکی زۆری پێ نەچوو

تاویش هەڵات

پڕ نەشئەتر لە سەد بادەی کەللەتەزێن

ناوچاوی گرژی شاخەکانی کردەوە

بە ماچێکی تاسەشکێن

******

منیش لە سێبەری لووتکەی ئامانجم دا

تاوێک نووستم

کاتێک کە چاوم هەڵبڕی

ئەوا تۆ بووی لە سەرینم

ئەی نەوبووکی جوانی ئاواتی شیرینم

سەرمت گرتبووە سەر باسک

بە دەست و پەنجۆڵەی ناسک

ئارەقی تەوێڵمت ئەسڕی

تاران - (1961)

## گژەبا

ئەی گژەبا، گژەبای دڕ
هاوڕێی زستانی سارد و سڕ
ئەی خۆبەخۆ دوژمن بە خۆشی و ئاسایشت
نەک هەر بۆ تەنیا من بۆ گشت
ئەی گژەبا، گژەبای دڕ
باش ئەتناسم ، باش ئەزانم
کە ڕووت کردە دارستانی تاریک و چڕ
هێلانەی هەزاران هەزار
بێچووە مەلی کزی هەژار
ئەشووخێنی
دایک و بابیان لە دارستان ئەتەرێنی
بە چنگووڕی بێ بەزەیی
خونچە و گەڵا ئەوەرێنی
.......................
ئەی گژەبا، گژەبای دڕ
جل و بەرگت لێ کردم شڕ
چرای دەسمت کوژاندەوە
بە تەپ و تۆز
چاوت پڕ کردم لە گرێ
بەڵام ئەمانە هیچکامی
ناتوانێ ڕێگام لێ گرێ
.......................
.......................

ناتوانی ڕێگام لێ ون کەی
ناتوانی قەڵای تاقەتم سەرەوبن کەی
........................
ئەی گژەبا، گژەبای دڕ
لە سەر ڕێگام لادە سمڕ
سوێندم بە تیشکی ڕزگاری
سوێندم بە ئەستێرەی ئاوات
سوێندم بە سروەی بەهاری
ناتوانی ڕێگام لێ ون کەی
ناتوانی قەڵای تاقەتم سەرەوبن کەی
........................

(1962)

# خۆزگەی منداڵی

تا دوێنێ بوو ئاسوودە بووم منداڵ بووم
لە باخچەی ژین نەمامی کرچ و کاڵ بووم
گوڵ بووم پێ ئەکەنیم بە دەم دونیاوە
هاوچریکەی بولبول بووم تاوە تاوە
پەپوولە بووم ئەسوڕام ئەم باخ ئەو باخ
شەوان گەڵای شەوبۆم ئەکردە قۆناخ
بەیان ورشەی ڕەنگاوڕەنگی ئاسۆ بووم
ئێواران کەروێشکەی گەنم و جۆ بووم
........................
........................
بەڵام ئێستا؟ کێ بێ لە خۆم کڵۆڵتر ؟
کام گۆری داڕزیو لە گیانم چۆڵتر؟
کێ عومری وەک عومرم سکەی بەتاڵە؟
ڕوحی سزاکێشی هەزار خەیاڵە؟
ئێستا لە پاش هێندە هومێدەواری،
هێندە داماوی و سەرکزی و هەژاری،
هیوای دوورم وایە، شەوێکە و ئیمشەو،
پێڵووی چاوم داپۆشێ پەنجۆڵەی خەو!

زستانی (1963)

زستان
سێ چوار ڕۆژێک بەبێ وچان
کولوو کولوو بەفر باری
هەموو وڵات
سامالٚسا بوو بە یەکجاری
ئاسمانی ڕەش
تاوێک نەی ئەترووکاند چاوێک
بەفر باری، بەفر باری
بستێک، ئەژنۆیەک، باڵاپیاوێک

******

لەم لاو ئەولای دێیەکەوە
پەسا پەسا ماڵ ئەڕووخا
هێلانەی هەژار ئەشووخا
نا! نا! ئیتر پێی ناڵێم ماڵ:
گۆڕی گشتیی ژن و منداڵ !

******

چەن ڕۆژێک بوو
باوکی نازدار
چوو بوو بۆ شار
چوو بوو جلی بۆ بستێنێ:
کراسی جاو
سەڵتەی بەر و پشت بەلاشە،
«نازداری خۆم پێی داپۆشێ ڕووتیی لاشە »
ئێوارەیەک
چەن تارمایی

تەرمێک لە کۆڵ
ئەیانشکاند بەفر و سەهۆڵ
ملیان ئەنا بۆ ئاوایی
تەرمی کێ بوو؟
تەرمی کێ بوو؟
تەرمی ڕەقبووی باوکی نازدار
هەی قوڕ بەسەر خەڵکی هەژار !

******

ماڵێک لاڕووخاو
دڵێک پڕ زووخاو
ژنێکی پەڕپووت
نازدارێکی ڕووت
بەمیرات مابوو
بۆ دایکی نازدار:
مەگری مەگری نازدارەکەم، دەمەگری بەسە
هەر ئێمە نین، خەڵکی هەژار هەمووی بێ کەسە
مەگری، مەگری، نازدارەکەم بخەوی باشە
فریشتەی خەو بۆی دووریوی سەڵتەی بەلاشە

(زستانی (1963)

شەوە

پەسا پەسا پەرەگر بوو
شەوی کڕی لاسا
نەما شنەی شەوبا
نەوی بوو چەسپی زەوی بوو
لە سامی شەو پاسار
بە سیحری تاریکی
هەبوو، نەبوو یەک بوو
نەما نیشانەی بوون
نەما نیشانەی من
لەشم توایەوە دەروونی شەوێکی بێ ڕۆچن
پەسا پەرەگر بوو
بەرەو فەزای بێ بن
بەرەو فەزای بێ بن

******

بە چاو و گوێ
پەلەقاژەی شعووری بوونم بوو
سەرنجی چاوم بە هەڵپەم
شەوی سمی
لە هەموو لاوە
بۆترووسکایی
بەلەز بوو گیانی بە سوێ
دڵی بە خورپە لە بن گوێ
وە گوێ بە وریایی
بە کوڵ مەڵاسی جریوەی ژیان
بەڵام هەیهات !
مەلوولی کردم شەو
مەلوولی کردم شەوگار

عەزابی دامێ شەوی بێ ڕەزا
بە گۆڕەوشار

******

کەچی لە دوورترین ناخی ئەم شەوا
ناکاو
بە نەرمە ئاهەنگێ
درنگ درنگ دەنگێ
وەکوو پتەی سەرئاو
شەپۆلی خستە دەروون
لە گوێم تەنینی لە گوێن هەڵقوڵینی کانی بوو
تەنینەوەی وەکوو بۆنی هەڵاڵە ئانی بوو
شنەی بلاوێنی
دنەی ئەدا بە خەیاڵ:
هەرا هەرای نووحە،
گەمێ ئەخوڵقێنێ
کە دێوی زاڵمی شەو
هەڤاڵەکانی بە لافاوی ڕەش نەخنکێنێ ؟
بەیاخی کاوەیە ئاخۆ
بە ڕەمزی فەتحی بەیانی
لە جەرگی شەو ئەچەقێ ؟
مەلی بەیانە لە شەو زیزە بێ وچان و هەدا
دەنووکی سەختی لە پەرژینی قایمی شەو ئەدا ؟
وە یا تەور بە دەسێکە
لە دارستانی چڕی شەو
خەریکە تێ ئەپەڕێ
ڕوو لە شاری ڕووناکی؟
******

ئەهات، ئەهات، ئەهات
ئەهات و شەو شەق ئەبوو
شعووری گەرمی هەبوون
بە گیانما ئەگەڕا
جێ بە سامی شەو لەق ئەبوو
ئەهات، ئەهات، ئەهات
ئەهات و گەورە ئەبوو
گەورەتر ئەبوو
هەیهات !
لە سامی شەو کڕ بووم
لە سامی دەنگ پڕ بووم
دڵم کولاوە بە زرمەی هەناسە تاسێنی
ئەهات و گەورە ئەبوو
گەورەتر ئەبوو
هەیهات !
شەقژنی تاڵی وەکوو مەرگی ناگەهانی بوو
تەنینەوەی وەکوو ژەهری هەلاهەل ئانی بوو
هەرای دەروونئاخن
پەسا پەسا پەرەگر بوو
وەکوو شەوی لاسار
پەسا پەسا پشووبڕ بوو
عەزابی گۆڕەوشار
وەرن ، وەرن ، هاوار !
وەرن، وەرن شەوە گرتوومی
بمگەنێ
هاوار !

(1964)

## غەریبی

لە دڵمانا غەریبی ئەی شەوی نەورۆز
لە دڵمانا غەریبی ئەی شنەی گەرمی بەهاراوی
لە دڵمانا غەریبی ئەی کچی لادێ ؛
گوڵاڵەی سەوزەڵانی
بەچاوی گەش،
گەزیزەی بەربەرۆژانی،
تریفەی بەفری بەرتاوی،
زرێباری بەیانی تاو وساوی .
کولەنجەی خامەکت پەڵکی وەنەوشە،
کراسی کرنەکت لیلووپەڕی ئاوی.
کە هەڵئەبڕی کوڵی گەرمی گەرووی ناسک
خورۆشی خاڵەڕێبوار،
لە شەقبوونی شەوا قاوی دلێری خاسەکەو،
قاوی کەوی هەردە، کەوی کۆسار،
کەچی هێشتا
لە دڵمانا غەریبی ئەی کەو ئەی کەویار.
******

گوڵاڵەی سەوزەڵانی !
غەریبی لێ ئەبارێ ئەم بەهارە
غەریبی لێ ئەبارێ شینی گەرمی وردەبارانی
گەزیزەی بەربەرۆژان !
بە بەژنی ئاڵ و واڵا جوان و شیرینی،
لەبەر چاوم کەچی ، هەی قوڕ بە چاوم ، بووکە دارینی.
لەبەر چاوم تەجەللیی ئینتیزاری
کە چاوەڕوانی بارانی بەهاری

******

بەڵام تۆ خەم مەخۆ
مەچۆ فەقیانەکەت مەدڕە
لە داری کەونە شەخسێک مەیکە ئاڵایی
برای پینە و پەڕۆبارت
برای بن کۆڵەدارت
داری شەخسە
مەترسە
نیازی لێ بخوازە دەس دە پشتێنی
بڵێ تا چەندە هەڵکێشین لە سایەی داری بێ ئاخی غەریبی
نیازی لێ بخوازە بەشکوو هیممەت کا
بەهار بێنێ و نیاز بێنێ و
«داری ساز و ڕاز»* بێنێ

نەورۆزی (1966)

.......................................................
*« داری ساز و ڕاز» دەگەڵ «بولبولی خۆش ئاواز» لە داستانێکی کۆنی کوردی دا ئاواتێکە، کە کچێک بۆ دڵدارەکەی دەیخوازێت.

## فەرشیماڵەکەم

فەڕشی ماڵەکەم
ڕەنگی کاڵە
بەختی تاڵە
غەرقی تۆز و خەوش و خاڵە
مامە عەنکەبووت
قوژبنێ نەماوە نەی تەنێ
جێ نەماوە هەڵ نەخا پەتێ
سیحری فووی دەمی کەمەندە مێش ئەخاتە بەند
مێشی گەورە خۆی و غیرەتی
پەت پساندنێکی لازمە
******
فەڕشی ماڵەکەم
هەرچی نەخشی تەخت و مینبەر و منارەیە
سیسرک ڕمێکی لێ چەقاندووە
قیژەقیژ و گارەگاریە
«سیسرو»ی بەزاندووە
******
فەرشی ماڵەکەم بە داوی جاڵجەڵووکە
نەخشەکانی بوونە چنجڕووکی پەسپەسۆکە
بوونە هەیکەلی جنۆکە
فەرشی ماڵەکەم تەکاندنێکی لازمە
******
کێهە سووچی دەس دەمێ ؟
کێیە دێتە یارمەتی ؟
خۆ هەواڵەکەم وەنەوزی ختسە خۆ،
هەواڵەکەم هەواڵەکەم ،
- قوڕ بە ماڵەکەم -

نەخشی خەوش و خاڵە ڕوومەتی ،
پڕخە پڕخی خەویەتی ؛
ڕاشەکاندنێکی لازمە

تاران - بەهاری 1966

## بەرخەمامز

ئەی فریشتە جوانەکەم !
ئەی پەپوولە ناسکەڵانەکەم !
بەرخەمامزی هەواری کوردسانەکەم !
هاتمە هەوارەکەت
ڕێم گەیشتە بەر دەوارەکەت
بواری لێ تەنیم بە جارێ بەژن و بارەکەت
تاوی لێ چنیم سەرنجە جار بە جارەکەت
ئەی کەنیشکە کاڵەکەم !
کۆتری تەقڵەبازە چاوی تۆ
زۆر کەڕەت بە توند و تۆڵی هاتمە ڕاوی تۆ
هەڵنەکەوت کە بتگرم بە چاو
هەڵنەکەوت کە بتگرم بە چاو بەڵام
دەودەوەی نیگا دلێرەکەت
لێوە بە بزە فێرەکەت
زولفە قەیچی پاچەکەت
کوڵمە سوورە جێگە ماچەکەت
وەزنی هەڵپەڕینەکەت
قافیەی ڕەوانی شێعری پێکەنینەکەت
گشتی نەخشی گیانمن
تەمرەوێنی ئاسمانمن
هەر لە گوێمە زەنگی دەنگە نەرمەکەت
هەر بە تینە ئارەزووی سەرنجە گەرمەکەت
گا بە لار و لەنجە دێی
ڕادەژێنی لانکی دڵ
گا ئەدەیتە لانی سرکە مامزێ
ئەمگریتە بەر سەرنج و سڵ

نایەڵی بنووم بە تاو و تێی ئەوینەوە
هەر تلاوتلم ئەدەی بە دەردی خەوڕەوێنەوە
شەو بەسەر ئەچێت و من
پایەنازی تۆی ئەکەم حەریری مانگەشەو
پڕ بە ئاسمان هەسێرە دێنمە حاجەتت
تا بەجێ نەهێڵی ئاسمانی گیانەکەم
ئەی هەسێرە جوانەکەم !

هاوینی (1966)

## ئاسمان دوور و زەوی سەخت

لە ڕواڵەتێکی خەشیما نەزیرەی چ نابینێ
لە عەسرێکا
کە دێوی زاڵی عیلمی بەشەر مێشی مانگ ئەقاپێنێ
لە ڕواڵەتێکی خەشیما نەزیرەی چ نابینێ
لە کاتێکا
هەر دوو دەسی هەتاکوو ئەنیشکی لە قوڕ ناوە
نەک بۆ کار
نەک بۆ قوڕ شێلان
بەڵکوو بە ڕەمزی
تەمێ و پەشیمانی
پەشیمانی
لەوان مەجالان
وا بەرد و ئاسنی شێلا و
خەنجەری خوڵقاند
بۆ دەستی ئەو کەسانە
کە دەستی پێ ئەنێنە سەر سینە
لەوان مەجالان
وا عەرزی هەڵدڕی
بە چنگەڕنێ
تا مشکی هەماری ماڵی ئاغا
بە خەلەی سوور
گورپن بێ و خرپن بێ
مناڵەکانی ئەویش ببنە بووکە دارینە
لە ڕواڵەتێکی خەشیما نەزیرەی چ نابینێ

لە کاتێکا
خەنجەر و دەسەکەوشەی نەماوە *

بۆ دەستی بەر پشتێن
لە ڕواڵەتێکی خەشیما نەزیرەی چ نابینیٚ
لە کاتێکا
هاتۆتە گوێسەبان
سەر گوێسەبانی ماڵی ڕووخاوی
هاوار ئەکا :
گەلی برادەرینە!
زەوی سەختە ئاسمان دوورە
گەلی برادەرینە !
زەوی سەختە ئاسمان دوورە.

پاییزی (1965)

..........................................................................................

لە یاسا و دەستووری چاکسازی زەوی و زار، لە ئێرانی سەردەمی (حەمەڕەزاشا)ی ئێراندا ، جووتیارانی هەژار لە وەرگرتنی بەشە زەوی بێبەری کرابوون .

نانی شوانی (حەوتەوانان)

بەڵێ ! وای ئەتۆ ،
وەک زرێباری بن خێوەتی مانگەشەو
بە مەندی شکۆدار و گەورە و گرانی
بەڵام پێکەنە! پێکەنە !
تۆ پەریزدای گوڵ خەندەرانی
زوڵاڵەشەتاوەی گەشی زایەڵەی پێکەنینت
وەکوو لەم زرێبارە پۆلی پەری هەڵفڕیبێ
بلاوێنە سروەی لەتیفی هەناسەت
چما ڕۆحی سووکی بەهارت مژیبێ
******

لەپاش چەندە مەندی ، وتاری ڕەوانت
چ مایەی دڵاوایی یە !
چەندە شیرینە شێوەی دوانت!
ئەڵێی شیر و شەکراو ئەنۆشیت و دەرگا لە باخی بەهەشتێ ئەکەیتۆ
جریوەی گەشت ویتەویتی کەوی شۆخ و شەنگە،
لە کەیفی بەهاری بلووغا
تەوژمی شەپۆلی ژیانە ئەهاژێتە گیانم
******

تەواری بەسامی کەژی کوردەواری !
بە جوانی دلێر و بەنازی کەنیشکانە تێر و تەیاری
دەسا بەشقی خوا بەسکە تاوێ
بە کەولەنجە شێت و چەواشەم مەکە
دەمێ لێم گەڕێ !
سەرنجم دەمێکە زوڵاڵیی نەماوی چەپەڵگەی هەراسانکەری گەورەشارە
بەڵام با لە چاوەی گەش و ڕوونی دوو چاوی شینت،
کە هەروەک زرێباری بەرتاو و ساوی بەیانە،
مەلەی دەم

بەڵا با حەریری سپی دەستەکانت
وەکوو نانی شوانی،
کە دەسکەوتی ئێوارەکانە لە پاش ڕەنجی ڕۆژانی شوانی،
بگوشم بە سینگا
بەڵا با لە گیانی جەخارئازنم بێتە دەستی مەسیحا

مەریوان - بەفرانباری (1967)

........................................................................................

ئەم شێعرە، بیرەوەری و یادی دڵداری و خۆشەویستیی کاک چاوە و (شەهین)خانم زیندوو ڕادەگرێت.

## بۆ مەهاباد

لای گەلاوێژە چلەی هاوینە
ڕۆژە وەک ڕوومەتی یار پڕ تینە
کەلکەلەی گەشت و گەرم کەوتەوە سەر
بەم گڕ و کڵپە سەرم نایە سەفەر
بۆ مەهابادی هەژار و هێمن
تاسە پڕ گیان و دڵی بە سۆیمن
..............................
تاقەداری کزی پیری عەوداڵ
دیمەنی «هێمن»ی هێنامە خەیاڵ
وەکوو ئەو تاک و تەریک لەم لێژا
غەیری سوێراوی گڕاو نەی چێژا

(1966)

## پێم ناڵێی چی دڵی گرتی ؟

دڵم نایە لۆمەت بکەم
هەرچی ئەکەم
دڵم نایە.
ئەو پەنجەی ناتە سەر پیلکە و
ئەو هەوایەت پێ بێدەنگ کرد
خورپەی دڵی پڕ خۆشەویستیت پێ وەستاند
هەر ئەو پەنجە بوو سەدان جار
پیلکەی ڕقی بێ بەشانی
بەرانبەر بە ستەمکار و چەوسێنەران
توند گووشی بوو
سەدان ئاگری بەر دابوو
لە ئۆردووی سەرمایە و ستەم
ئەو پەنجە بوو کە سەدان جار قەڵەمی توند توند گوشی بوو
خیتولکەی بیر و باوەڕی لە سەر کاغەز خستبووە ڕێ
چۆن لۆمەی کەم؟ چۆنی نەکەم؟

******

پاش چەندین ساڵ
کە هیچکەس دڵی نەدەهات
لە گوڵ کاڵترت پێ بڵێ
گەر تۆزقاڵێک ڕەخنە و لۆمەشیان لێت بوایە
خێرا بە دڵ فراوانی و
بە بەزەیەکی زۆر شیرینتر لە قەندەوە
ئەتوت: «ڕاستە، قسەتانە، بۆ لەمەولا...»
ئێستا هەموو بە هەزار زار
بە دەنگێکی تێکەڵ لە خەم و دڵپڕی و خۆشەویستی
لێت ئەپرسن:« بۆچی وات کرد؟»
بەڵام بەداخەوە ئیتر جوابت نییە

هەر گوڵاڵەی برینەکەی نێوچاوانت
بێدەنگ دەمی کردۆتەوە و هیچیش ناڵێ
******

ئاخ! چاوگەی خەمان لە کوێیە ؟
لێوی سووتاوی پێوە نێم
کێوی دڵتەنگی کامەیە؟
سەری سەودایی پێوە نێم
******

تفەنگ تاسەباری شانتە
ڕێ و بان چاوەڕێی هەنگاوت
چاوی سووتاوی هەژاران
تامەزرۆی ترووسکەی چاوت
کۆبوونەوەی چەوساوەکان
تینووی وتاری پاراوت
کە دڵیان ئاوپڕژێن کات و هاندەریان بێ
لە ژیان و لە خەباتیان بۆ ڕزگاری
هەروا ڕێ نیشاندەریان بێ
******

پێم بڵێ چی دڵی گرتی ؟
خەمی هەژار دڵی گرتی ؟
ژینی بێ ئۆخەی کرێکار دڵی گرتی ؟
دێی کاول و حەوزی لیخن ؟
ڕۆڵەی ڕووتی ڕوومەت چڵکن
دڵی گرتی ؟
ئێشی لاقی پێشمەرگەی لاو ؟
ڕووتەڵ بوونی
سەرما بوونی ؟
برسی بوونی ؟

دڵگیر بوونی ؟
دڵی گرتی ؟
بەڵام ئاخر تۆ هەستا بووی
ئاڵای سوورت هەڵکردبوو
دەردی دەردەداران چارەسەر کەی
ماکی مەینەت بسووتێنی
کەی هەرگیز وتمان ئاسانە و بێگرێ و گوڵ ؟
چەند جار خۆت بە خەونەکانت وت :
دەربەندی شاخ
سووک و ئاسان
نەرم و نیان
تێپەڕ نابێ ؟
چەند جار وتت :
« هەر کۆیلەیەک
لەو ڕۆژەوە بە کۆیلەیی خۆی زانیوە
نیوەی زنجیری کۆیلەتی لە شان و مل داڕنیوە
ئامادەیە بێتە ڕەهێڵە و ڕەشەبا بۆ ئەو نیوەی ؟
تۆ ڕەهێڵەت لە دەستا بوو
تۆ ڕەشەبات لە مشتا بوو
پێم ناڵێی چی دڵی گرتی ؟
کام بوومەلێڵ بە کام تەم و مژ دەوری دای؟
کام تەلبەند ڕێگای لێ تەنیت ؟
تۆ کەسێک بووی هیچ تەلبەندێک
بواری لێ نەتەنی بووی
تۆ کەسێک بووی
هیچ قوفڵێکی ئەم دونیایە
بەرگەی دەستی نە ئەگرتی
تۆ مانگێک بووی بە ئەستێرە دەور دراو
ڕووناکی ئەخستە سەر ڕێی کاروانی یەکان

گەر تاوێکیش بزەی چاوی ئەستێرەیەک
نەترووکایە
بە تیشکی خۆت دیسان گەشت ئەکردەوە
تۆ مانگێکی ڕوومەت گەش بووی
سێبەری ئەم خاکە ڕەشە
بۆ چەند سەعات کەوتە سەرت
کەچی بۆ هەمیشە ون بووی !
بۆ بانگێکی ڕۆژت نەکرد
ئەو سێبەرەت لە سەر لادا ؟
تۆ گوڵێک بووی
سیس بووی ژاکای !
بۆ دڵی گەرد لێ نیشتووی خۆت
نەختە ناوی کانیاوی ڕوون
بیشۆیتەوە ؟
******

شەوان درەنگ
ڕێگای سپی ناو شەوەزەنگ
پایەنازی پێڵاوت بوو
هەنگاوتی ئەگرتە باوەش
شاخەکان خۆشیان ئەویستی
دارستان خۆشیان ئەویستی
لووتکەی بەرز و پێدەشتی سەوز
زەردەی سەر کەل
شەپۆلی بەحر و ماسی یەکان
هەموویان خۆشیان ئەویستی
ماڵاواییت لێ نەکردن
هەموومان خۆشمان ئەویستی
ماڵاواییت لێ نەکردین
کەچی هێشتاش

دڵم نایە لۆمەت بکەم
هەرچی ئەکەم
دڵم نایە..

دۆڵی شلێر- پاییزی خەمناکی 1363 (1984)،

..................................................................................

ئەم شێعرە،بۆ خەمی لە دەست دانی تێکۆشەری زیندوویاد، مووسا شێخولئیسلامی گوتراوە.

## بۆ کچە نان فرۆشی سەر جادە

ئەی کچە نان فرۆشەکە
شەو درەنگە
هەتاکەی ناگەڕێیەوە ؟
درەنگ وەختە و شار بێ خاوەن
تاکەی لە سەر ئەم جادەیە ئەمێنیەوە ؟
ئەتبینم سرک و بێ ئۆقرەی
وەک بێچووە ئاسکی بەجێماو
بە جێ پێتەوە بەن نابێ
بەم لا و ئەولاتا ئەڕوانی
هەڵ ئەستی، دائەنیشیەوە
نانەکانی فەرغوونەکەت ئەژمێریەوە
بەم دەست ئەو دەستت ئەگلۆفی و ئەڵێی :
«چ بکەم ؟
شەو درەنگە و
فەرغوونەکەم هێشتا نانی تێدا ماوە »
******
ئەی خوشکە نان فرۆشەکەم !
باریکەڵەی ڕوومەت سووتاو !
شار دامرکا،
جادە چۆل بوو،
کۆڵان تەواو تاریک داهات،
ڕێی ماڵەکەت چاو نەبینە
هەتاکەی ناگەڕێیەوە بۆ ئەو ماڵە ڕەش و ڕووتەت؟
دایکی هەژار دڵ لە دواتە،
دڵدارە قاچ قوڕاوییەکەت چاوەڕێتە ،
ـ کوڕە جیرانی ئازیزت،
وا گشت ڕۆژێک ئێوارانە

پاش دە سەعات قوڕەکاری
سەرت ئەدا ؛
بە ڕوانینە گراوییەکەی
سوورایی ئەزێتە گۆنات
پزیسک ئەپژێتە چاوانت
چۆلەکەی ئەو دڵە ناسکەت
باڵەفڕەی پێ ئەکەوێ ـ
نازانم ئەمشەو بۆ نەهات بە شوێنت دا،
بێ و نەبێ لە تاو شەکەتی
ئەو هەژارەش
وەک سەخری کەساس خەوتووە
******

دە هەستە پێ !
فەرغوونەکەت وەپێش خۆت دە !
کیژۆڵە نان فرۆشەکەم !
شەو درەنگە
کەس نەماوە
ئەو زگتێڕە ناکەسانە،
وا بۆ دوو نان
چوارجار مووچەی نانەکانت ئەشێوێنن،
ئەو چاودڕاوە پەستانە
وا لە گەڵ هەر تمەنێکدا
دوو قسەی سووکت پێ ئەڵێن
تفیان لێ کە !
نانی ئەو دەستە پاکانە
مەفرۆشە بەو ناپاکانە
******

ئەی خوشکە چاوسووتاوەکەم !
خۆزگە ئەمزانی شەوانە،

ئەوكاتانە لە گەڵ دایكت
لە بەر نێڵەی گڕا هەتا دەمەو بەیان
تەپ تەپ نان ئەكەن بۆ فرۆش،
خۆزگە ئەمزانی چی ئەڵێن ؟
چۆن باسی ڕزگاربوون ئەكەن
لەم ژیانە بێ فەڕەتان ؟

بەغدا ـ حی الجمیلە ـ خەزەڵوەری 1367 (1988)

## بەسەرهات

بارانی پاییز بە خوڕەم ئەبارێ بەسەرما
تاقە دەزوویەک بە وشکی نەماوە لە بەرما
خەت خەت ڕەهێڵەی پەنایەک پەنایەک
وەک تانی تەونە کە بەرچاوی گرتووم و لێم بۆتە مۆتەک
سواری سەرم بووە بە یەکبین ئەڵێ:«دەی، دەسا دەی!»
هەرچی ئەکۆشم کە ئەو تەونە بەشکەم بەرم دا، مەحاڵە
یەک تاقە ئازای لەشم جووڵە ناکا
ئەڵێی هەر لە پشتێن بەرەو خوارمی پێوە بەستراوە
پێچەن دراوە و
لەسەر دا، بە قامچی ، بە بێ بەین
لە تەوقی سەرم ڕائەکێشن
******
نا نا، خەیاڵات! خەیاڵات !
خیاڵاتە ئەمباتەوە پشتی ئەو دارە تەونە لەعینە
من تازە ئیتر ڕەها بووم ڕەها
کوا؟ کوانێ؟ کوا تانی تەونە ؟
ئەمە شەستەبارانە ئەمشێلێ، بارانی پاییز
کە ئاوا لە گۆی بردووم.
******
پاسارییێکم لە حەوز هەڵکشاو
وەختە بمرم لە سەرما
دوا جمگە ئەندام و ئازام ئەلەرزێ، وەنەن چوونە ئاوا
سێ ڕۆژە بەم تاو و بارانە لەم ناوە ڕێگا ئەکەم
دۆڵ بە دۆڵ ، دێ بە دێم پشکنیوە
شوێن پۆلە باڵندەیەک کەوتووم وا دەمێکە
خۆزگەی دڵی خۆم لە چاویان،

بزەی لێو و
ڕاوێژی دەمیان و
تێسکەی تفەنگیان بەدی کردووە.
سێ ڕۆژە ئاسکێکم بەربووم و هەر بیرە بیرە و گل و ژانمە
بە هیچ هەرد و بەردێکەوە بەن نەبووم و ئەزانم
کە ژانی برینم لە کام مەنزڵی دڵنیایی
دەمێ ئەسرەوێ .
ئەڵێی سێبەڕۆم گرتووە
یاو و لەرز و وڕاوەم لە کۆڵ ناکەوێ
بە پێوە خەوی سەردەمی تفت و تاڵی مناڵیم و لاویم ئەبینم :
ـ دەمێ وەک پەپوولە
بە ناو مێرگی نەخشینی ژین دا
ئەهاتم ، ئەچووم، کام گوڵی جوان بوو
ئەمکردە مەنزڵ
کەمێ هەڵکشام
جوانووییێکی سڵی سرکی نەسرەوتەنی بووم
بەڵام دەستی ڕاست و چەپی خۆم نەناسیبوو
گێرام
بە پشت دارە تەونەکەوە توند لە چوارمێخە کێشرام
کەمەندم لە پرچ و لە پەلکانی زێڕینی خۆم بوو
ـ ئەو پرچ و پەلکە
هەموو کوڕگەلی دێ بە ئاواتەوە بوون
کە جارێک
بە حاڵێک
سەرئەنگوستی دەستیان بگاتێ ـ
هێشتا نەمامی دڵ و خۆشەویستیم
گوڵێکی نەپشکووتبوو
هێشتا لە ژێرخانی تاریکسان و
لە زیندانی بەر دارە تەونا

به خۆمم نەزانی بوو خۆێنی جەوانی گەڕاوە بە ڕەگما
هێشتا لە شەوقی چپەی ئاشقانە
سووری لە گۆنام نەزابوو
ویستیان ڕسم کەن، وەکوو گوێرەکە و بمفرۆشن بە شووی نابەدڵ
یەکەم جار منی سرکی نەسرەوتەیان دا بە ژن بۆ براکەم بە پیرێک
خرۆشام قریشکەم گەیاندە پەڕی دێ
وتم گەر ملیشم بە پەتدا بکەن مل بە زۆرداریی نادەم
دوو ساڵە بەم دەردە گیرۆدەم و
ڕۆژ نەبوو من بە قژ ڕانەکێشن
ڕۆژانە ڕێگای دەر و کانییان لێ تەنی بووم
شەوگاری ڕەش
جێم لە ژێرخان و نوێنم لە سەر ئاخوڕی بزن و مەڕ بوو
وا بوو کە خێم دایە تەون و
خەمی خۆم لە گەڵ هیلمە هیلمەی گرێ دا
لە زۆری پەژارە هەر ئاگام نەبوو
خێری ئەو قاڵییە جوانانە وا کردی من بوون
لە گیرفانی کام تاجری شار ئەماسێ
پاداشی سۆمایی چاو و پەنجەی سواوم
حەرام بێ ! لە دوو گوشەوارە و لە خڕخاڵێ زیاتر
نە چاوم بە پولێ ئەکەوت و
نە پەنجەم لە پووشێ ئەبوو گیر
بەشی من ئەسیری بوو،گیرۆدەی ناو قەفەس بوو
قەفەس دارەتەونی ڕەقی بێ نەفەس بوو
بەیانان دەنووکم لە مێلێ ئەگیراند هەتا زەردەپەڕ
بە بەر تەونەوە مورەمورەم ئەکرد
بەشکە سارێژی کەم ئەو خەمەی
وەک گولۆڵەی بەنێکم لەسەر دڵ گرێ بوو
بەڵام بۆ بەڵای گیانی خۆم نەمئەزانی
کە هەرچەندە خێم دایە قاڵی

خرابتر لە چاڵی سیابەختی کەوتم
نەمئەزانی
کە هەرچەندە کردم وەسایانەتر بوایە
خۆ نرخی کەولم لە گەڵ نرخی قاڵی ئەڕۆیشتە سەر !
هەر ئەتوت کە بەم ڕۆژگارە
بە کەڵکیتی ئاسن                    کەڵکیت: (کەرکیت)ی تەونکەران
بەهێزی هەموو پەنجەکانم
خەریکم گرێی بەند و داوی
کوڵۆڵی و ئەرامەننەیی خۆم
پتەوتر ئەکەم
سەرەنجام هەمیسان خەریک بوون بە شووم دەن
بە تاجر۔ دەڵاڵێکی خوێنتاڵی خوێنمژ
کە قاڵی بە کردن ئەدا لەو دێهاتە
وەک بێژی کاردیان بە ئێسقان گەیاندم
ئەمجارە ئۆقرەم نەما
دەلاقەی تەویڵەم شکاند و
چلۆن تیر بە لوولەی تفەنگدا
وەها من بە تاریکە شەودا گڤەم کرد.
*****
لەگەڵ بیرەبیرەی مناڵی و خەم و دەردی عومری بەبا چوو
لەپاش چەندە مەینەت
گەیشتم بە ئاواتی مەنزڵ
نهێنگای عەزیزانی خۆم دیتەوە ـ ئای لە خۆشی دڵم ئەو دەقیقە و سەعاتە !
«ڕەشی» هات بە پیرمەوە                    ڕەشی «ڕەشید»
خۆی بوو، باشم ئەناسی:
ـ ئەمە تۆی؟
دوو ڕێزە دیانی سپی ژێر سمێڵی ڕەشی
دوو چاوی زیتی وەکوو گڕ لە کوانووی برۆیا

بە جامانەکەی وا تەوێڵی شەتەک دابوو
گشت دەم و چاوی سوور هەڵگەڕا بوو
کە دیم وامئەزانی بە جارێ گڕی چاوی بەر بۆتە گیانم
تەزوویێک و گەرمایی ییێکی مولایم بە لەشما گەڕا
******

یەک و دوو کچان دەورەیان دام
چما دەستەخوشکێکی چەن ساڵەیان بووم
چ ڕوح سووک و خۆشویستەنی و میهرەبان بوون !
لەبەر چاوی پڕ تاسەما وەک فریشتەی حەکایەت
پەریزادی شیرینی گوڵخەندەران بوون
بەیەک چاوترووکان هەریێکیان جلێکی
لە خورجینەکەی یا لە بەر بۆ دەرێنام
ئەوەی وا لە بەرما بوو پاک دامڕنی، بەرگی وشکم لەبەر کرد
وتت بوومە بنیادەمێکی تر و
هەرچی ئازاری چەن ساڵەمە
لەگەڵ ئەو لیباسانە یەکسەر فڕێم دان
هەر ئەو عانە من ڕاستەکەی
گیانی خۆم ، خۆشی ڕزگاری و
خۆشەویستی«ڕەشی»م پێکەوە نایە ناو دەسرەیێک و ڕەشی (ڕەشید)
وەکوو خۆشترینی یادگاری
لە گۆشەی دڵم دا هەڵمگرت و هەرگیز فەرامۆشی ناکەم.
ئەفسووس و داخی بەجەرگم
نەما ئەو نەمامەی یەکەمجار
بەدڵخوازی خۆم
باوەشم گرتەوە بۆی
سەرم نایە سەر سینگی گەرمی و
هەموو ئێشی پێشووم لە بیر بردەوە
بەڵێ وابوو، ئەو یاری خوێنگەرم و هاوسەری هاندەرم بوو
ڕەفیقی ژیانم .

شەریکی وتوویرەکانم بوو
دەستی ئەگرتم بەرەو ڕۆشنایی
بەرەو ژینی تازەم
کە ئیتر بکۆشم لە جێی نەخشی قاڵی
بە سەر پەنجە نەخشی ژیانێکی نوێ
دابدەم بۆ ژن و پیاوی هاوچارەنووسم
******
من ئێستاکە ئیتر ژنێکی کزی دەستەمۆ نیم
زەلیلی بریقەی چەقۆ نیم
ئەسیرێکی بن ماڵ و ماڵی خرید و فرۆش نیم
من ئەو پەنجە وا ساڵەها بوو لە هیلمەم ئەگیراند
لە پیلکەی تفەنگی ئەگیرێنم ئێستا و
بەرەو ڕووی هەموو ڕەنجمژان ئەی تەقێنم
دووچاوم کە ماندووی گرێی وردی قاڵی بوو، ئێستا
بە ڕیزی وشەی چاو و دڵ ڕوونکەری ناو کتێب ئاشنایە
من ئەو کات کە مشتێک مناڵ بووم
چلۆنم ئەزانی کە دەرکەم زیانی
لە ناو گەنم و جۆی ئاوەدانی
ئێستاش ئەزانم کە چۆن بەرهەمی ڕەنج و کار
گشتەکەی
لە چنگ مفتەخۆران ڕەها کەین
من ئێستاکە وەک چۆن ئەزانم
لە ساراتی سەوزی بەهارا
بزن چۆن ئەزێ و کارژەڵەی جوان ئەبینێ
ـ بە بێ دەستی مامان
وەهایشە ئەزانم
کە دونیای لەعینی هەژارخۆری ئێستا
بەدەستی هەژاران
بە مامانی شۆڕش

جیهانێکی نوێی لێ ئەزێ
لیپی دڵشادی و جوانی و بەهرەمەندی
لە بۆ سەرجەمی ئادەمیزاد
ژن و پیاو
بە یەکسان.

خەندەکێ ، قەڵادزە ، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی ژن ـ مارسی 1989(1368)
( بەسەرهاتی ژنێکی کرێکاری قالییە کە لە دەس فشاری کەس و کاری هەڵدێ بۆ لای کۆمەڵە. لە سەر ئەساسی بەسەرهاتی واقیعیی فاتمە، هاوسەری هاوڕێی گیانبەختکردو ڕەشیدی میسری).